وەزارەتی دارایی و ئابووری

ژمارە: ٥٦٤٣ لە ٢٠٢٢/٦/١٤

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢

ڕێنمایی تایبەت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەران

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٢٢) لە ٢٠٢٢/١/١٨ وەکو لێژنە پێشنیارمان بە هەمواركردنەوەی ڕێنماییەکانی تەنسیب بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەنسیب بریتییە لە خواستی فەرمانبەری گشتی بەرەزامەندی خۆی یان فەرمانگەکەی بە مەبەستی مومارەسەکردنی وەزیفەیەکی هاوشێوەی وەزیفە بنەڕەتییەکەی (الاصلیة) و لە ناست و پلەی خۆی لە چوارچێوەی ئیدارەی گشتی حکومەتدا بۆ ماوەیەکی کاتی و لەگەڵ مانەوەی لەسەر میلاکی فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی.

١- لە کاتی تەنسیب کردنی فەرمانبەرێك لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی تر ، ئەوا فەرمانبەرەکە هەر لە سەر ئەو فەرمانگەیە هەژمار دەکرێت لەپی تەنسیب کراوە و ناخرێتە سەر ئەو فەرمانگەیەی کە بۆی تەنسیب دەکرێت لەبەر ئەوەی تەنسیب کردن حاڵەتێکی کاتیە و فەرمانبەرەکە لە دواییدا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانگە بنەڕەتیەکەی خۆی (الاصلیة).

٢- دەبێت تەنسیب کردنەکە بۆ ماوەیەکی دیارکراو بێت واتا لە فەرمانی تەنسیبەکە ماوەکە دیار بکرێت.

٣- ماوەی تەنسیب کردن نابێت لە (٣) ساڵ تێپەڕێت دەربارەی فەرمانبەران لە هەموو حاڵەتێکدا تەنسیبەکە بۆ ماوەی یەك ساڵ بێت لە دەستپێکی ڕەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند بە مەرجێك ئەم دەسەڵاتە (واتە دەسەڵاتی درێژکردنەوە) بە کاربهێنرێت لە مەودایەکی سنووردار و لە کاتی زۆر پێویست دەبێت وە بۆ ماوستایان تەنها بۆ ماوەی (٢) ساڵ دەبێت

٤- فەرمانبەر تەنسیب دەکرێت لە نێوان فەرمانگە فەرمیەکان.

٥- تەنسیب تەنها فەرمانبەری هەمیشەیی دەگرێتەوە فەرمانبەری گرێبەست ناگرێتەوە.

٦- تەنسیب کردنی فەرمانبەر لە چوارچێوەی وەزیفەکەی دەبێت کە هاوشێوەی وەزیفەکەی خۆیەتی لە هەمان ناست و پلەدا بێت.

٧- فەرمانبەری تەنسیب کراو لە فەرمانگە بنەڕەتیەکەی مووچە و دەرماڵەکانی وەردەگرێت.

٨- ئەو فەرمانبەرانەی کە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ تنسیب دەکرێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پێچەوانەشەوە مووچە و دەرماڵەکانیان لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆیان خەرج دەکرێت.

٩- فەرمانگەی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە کۆتایی هێنان بە تەنسیبی فەرمانبەران دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاری کراو لەم ڕێنماییە.

١٠- کار بە هیچ ڕێنماییەکی تری ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە.

١١- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

ناوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

خشتەی ژمارە (٢)

ژ	ناوی پەروەردە	ژمارەی قوتابیان	ژمارەی قوتابخانە	کۆی گشتی پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠	پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١	پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢	کۆی گشتی وەرگرتنی پارەی زیاد کردنی ناشکرا (١)	کۆی گشتی نرخی بەکڕیدانی فرۆشگا(٢)	کۆی گشتی پارەی وەرگیراو (٢+١)	تێبینی
١										
٢										
کۆی گشتی										

خشتەی ژمارە (٣)

ژ	ناوی پەروەردە	ژمارەی قوتابیان	ڕێژەی ٨٣% ی قوتابخانەکان	ڕێژەی ٥٣% ی چالاکی وەرزشی و هونەری	ڕێژەی ١٤%				تێبینی
					ڕێژەی ٤٠% بۆ پەروەردەی قەزاکان	ڕێژەی ١٥% بۆ خول	ڕێژەی ٤٢% بۆ ب.گ.پ. پارێزگا	ڕێژەی ٣% بۆپەروەردەی تایبەت	
١									
٢									
کۆی گشتی									
ڕێژەی ٨٥% قوتابخانەکان لەسەر بنەمای ژمارەی قوتابیان پارەکە دابەش دەکرێتە سەر پەروەردەی قەزاکان واتا کۆی گشتی پارەی وەرگیراو لەسەر ئاستی پەروەردەی پارێزگا دابەشی کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان دەکرێت لەسەر ئاستی پەروەردەی پارێزگا پاشان هەر پەروەردەی قەزایەک بەپێی ژمارەی قوتابیان پارەکەی دەدرێتن.								
ڕێژەی ٤٠% ی پەروەردەی قەزاکان دەدرێت بە پێی کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی پەروەدەی قەزاکە.									

خشتەی ژمارە (٤)

ژ	ناوی قوتابخانە/ خوێندنگا	ژمارەی قوتابیان	پارەی یەک قوتایی	کۆی گشتی پارەی پێدراو	ژ. تەلەفۆنی بەرێوەبەر
١					
٢					
٣					
کۆی گشتی					

خشتەی ژمارە (٥)

ژ	ناوی قوتابخانە/ خوێندنگا	پۆلین	ڕەگەزی قوتابخانە	شوێنی قوتابخانە (ناوەند- قەزا-گوند)	ناوی بەڵێندەر	ژمارەی مۆبایلی بەڵێندەر	پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣	پارەی تامینات ٢٠%	ژ. مۆبایلی بەرێوەبەر
١									
٢									
٣									
کۆی گشتی									